www.kurdistannet.org
17:42 2-4-2007ـەکاتی ناوەندی ئەوروپا

سوپاسنامە بۆ هاوڕێ و دۆستانم بە بۆنەی کۆچی دوایی دایکی ئازیزمەوە ... شێرزاد فاتح

گیان لەدەستدانی دایکی ئازیزم کارەساتێکی گەورەو خەمێکی پڕ لە ناسۆر بوو بۆ من، وە بۆشاییەکی گەورە، گەورە بە ئەندازەی گەورەیی و میهرەبانی خۆی لە دڵ و دەرونی مندا بەجێهێڵا، من پێم وانییە خۆشەویستی دایك و باوك سنورێکی هەبێ و بە گەورەبوون، خێزان پێکەونان و دورکەوتنەوە، یان بە هیچ شتێکی تر ئەو سۆزو خۆشەویستییە کاڵ و کەم بێتەوە. وەك چۆن لە تەمەنی منداڵیدا مرۆڤ پێویستی بەنازو خۆشەویستی دایك هەیە، بۆ منێکی تەمەن 42 ساڵ خۆشەویستی دایکم وەك ئەو ساتەوەختەی منداڵیم وابوو، وە هەمیشە پێویستم بە نازو خۆشەویستی دایکم هەبوو. ئەگەر چی دوربووم لەو، بەڵام ئەو دوورەیەم هێندەی تر ئەو پەیوەندی کوڕ و دایکایەتیەی نزیك تر دەکردەوەو بۆ ساتەوەختێکیش لەبیرم نەدەچووەوە و بە تەلەفۆن لەپەیوەندییەکی بەردەوامدا بووم لەگەڵیدا، لەگەڵ هەر تەلەفۆن و قسەکردنێکدا بە سۆزو خۆشەویستییەك کە دایکم هەیبوو بۆم، وە بە قسە خۆشەکانی دانخۆش دەبووم و خەمی دوریم دەڕەویەوە.

لەم خەمە گەورەیەمەدا من بە تەنها نەبووم و هاوڕێیان و دۆستانێك لە پەنامدا راوەستان و بۆ ماوەیەك دەوریان چۆڵ نەکردم، ئەمە جگە لەوەی لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردووداو تا ئەم ساتەش بە بەردەوام ئازیزان و دۆستانێك کە تازە هەواڵی گیان لەدەستدانی دایکمیان بیستووە، لە ووڵاتە جیاجیاکانەوە بەپەرۆشەوە چ بە تەلەفۆن و چ بە ئیمەیل، هاوبەشی خەمم بوون، هەموو ئەمانە کۆمەکی زۆر گەورەیان کرد و دەوریان بینی لە کەم کردنەوەی غەم و نارەحەتی و دڵتەنگیم، لە هەمان کاتدا پەیوەندی بەردەوامی دۆستان و ئازیزانم بوو کە من بتوانم لەبەرامبەر ئەم کۆستە گەورەیەدا ڕاوەستم و بەرگری بکەم، وە بە ناچاری قبوڵی بکەم کە دایکم لە ژیاندا نەماو گیانی لە دەستدا، بەڵام بۆهەمیشە لە دڵی مندا زیندوو.

هەر بۆیە لێرەوە لە قوڵایی دڵمەوە سوپاس و تەقدیری بێپایانم بۆ هەموو ئەو هاوڕێ و دۆست و ئازیزانەم دەنێرم کە هاوپەشی خەمیان کردم، سوپاس بۆ هاوکاریکردن و لێپرسینەوەیان.

بەسڵاوو سوپاسی دووبارەم

شێرزاد فاتح
بەرپرسی سەنتەری منداڵان _ سوید
تلفون: 0046735715449
Sherzad_f@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.